هاوپەیمانان هاوکاری مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ناردووە

هێزەکانی هاوپەیمانان بودجەی هاوکاری مانگی حوزەیرانی 2024 بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ناردووە.

وەزارەتی پێشمەرگە ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بە هێزی پێشمەرگە خراوەتە سەر هێزماری وەزارەتی پێشمەرگە، بەپێی بڕیارێتی گشتی بوودجە و بەرنامەکان(ژمێریاری سەربازی) کارە دارایی و ژمێریارییەکانی ئەنجام داون و بانکەکانی ئاگادارکردوونەتەوە، کە ڕۆژی پێنجشەممە 18ـی تەمموزی 2024، هاوکاری مانگی شەش دابەش بکرێت.